# ئەم کتێبە شایانی دەستخۆشیە



**گۆران هەڵەبجەیی**

**لە نێوەندێک کاردەکەم بە نێوی ا پەروەردە ،ئەم نێوەندە بەشێکە لەواتە نێوەندی** Pædagogisk Center

**پێکهاتەی کۆموونی دەڤەرەکە، ئەرکی ناوەندەکە بریتیە لەگەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە ،ئەویش بە کردنەوەی کۆرسی بەردەوام بۆ مامۆستاکان و دەوڵەمند کردنیان بە نۆێترین شێوازی پەروەردەو خوێندن، ناردنی کۆنسوڵ یا پێداگۆگ بۆقوتابخانەکان بۆ چارەسەر کردنی هەرگرفت و ئاستەنگیەک کە دێنە پێش چ لە لایەن خوێندکارانەوە بێت یا چ لە لایەن مامۆستاکانەوە .ناردنی ماتریالی یارمەتیدەربە ئەزموون و توانای خوێنکاران لە دەمی خوێندا وەک کامیرا، تی ڤی، ڤیدیۆ، کامیرای ڤیدیۆو جۆرەها فلیم تاد. دوواتر دەولڕەمەند کردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان بە نوێترین کتێب لە هەموو بوارەکاندا . هەر کتێبێک لە دانمارک بە چاپ بگەیەنرێت لە هەر بوارێکدا بێت دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دانەیەکی لێدەنێرن بۆ ناوەندەکەمان.پاشان چەند کەسێک کە یەکێکیان شێفی ناوەندەکەیە تەماشای کتێبەکە دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، ئەو جا بریار لە کرین یا نەکرینی دەدەن . گەر هات و کتێبەکەیان پەسەند کرد ئەو دەمە بۆ هەر کتێبخانەیەکی قوتابخانەکانی کۆموونەکە چەند ژمارەیەک دەکرن ، هاوکات چەند دانەیەکیش بۆ کتێبخانەی ناوەندەکە دەهێلنەوە.**

**یەکێک لەوبوارانەی گرنگی پێدەدەن زانیاریە سەرەتاییەکانە کە هزری خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی پێ دەولڕەمەند دەکرێت ، ئەویش ئەو جۆرە کتێبانەیە کە لە وڵاتان یا نەتەوەکان دەدوێن و وورده زانیاریان لە خۆگرتووە. تا ئێستا چەندەها کتێبم لەو بوارەدا بەر چاو کەوتووە کە زیاتریان سەبارەت بە وڵاتانن نەک بەنەتەوەکان . جا لە دووتووێی ئەو وڵاتانەشدا کوورتە باسێکی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە کراوە، بۆ نمونە لەکتێبی تورکیادا بە کورتەیەکیش باسی کورد کراوە. لە کتێبی**

سەبارەت بە چیندا دیسان بە کورتەیەک باسی تبتیەکان کراوە ،وەلیَ کتێبێک نەبووە بەتایبەتی و تەنها باسی نەتەوەیەکی ژێردەستەبکات وەک کورد یا تبت یا بەربەریا تاد.
ڕۆژێک شێفەکەم پاش بەیانی باش گووتی { گۆران کتێبێک هەیە دەمەوێت بیخوێنیتەوە}گووتم چ کتێبێک؟ {گووتی سەبارەت بەحۆتانە .}
بەر لە کۆتایی دەوام بەرەو ڕووم هات و کتێبەکەی بەدەستەوە بوو، دایەدەستم وگووتی{ بیخوێنەرەوە گەر بەدڵت بووئەوا لێیدەکرین خۆ گەر باسی پیاو چاکی سەددام بکات ئەوا نایکرین .} منیش بە بزەیەکەوە گوتم لە خراپە زیاتر چاکەی نەبووە تا لە کتێبدا باسبکرێت. هەر لەوێدا بەسەر پێوە لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە دیتم کتێبێکی گچکەی قەشەنگ بە وێنەی جوان جوانی کوردستان ڕازێنراوەتوە. لە ژێر یا تەنیشت هەر وێنەیەکدا بە کوورتەیەک باسی ئەو بابەتەی کردووە کە پەیوەنیدارە بەوێنەکەوە.
لە مالەوە پاش شێوی ئێوارە کتێبەکەم گرت بەدەستەوە و کەوتمە خوێندنەوی .

پێناسەیەکی کتێبەکە
ناوی کتێبەکە : زنجیرەی جۆری نەتەوەکان{ کوردەکان}
ئەم کتێبە پێنجەم کتێبە لەو زنجیرەیە.
نووسەران / Anthony C. Lo Baido-Yumi Ny-Paul A Rozario
وەرگێر/ Grit Hellemann
ژمارەی لاپەڕەکانی48 لاپەڕە
لەسەر ئەرکی ڕۆژنامەی تایم لە چاپ دراوە.
زمانی یەکەم ئینگلیزیئەوجا وەرگێردراوەتە سەر زمانی دیکە.
دانمارکیەکەی لە مالیزیا بەچاپ گەیەندراوە.
ساڵی2004 بە چاپی گەیاندووە.Flachs دەزگای

بەرگی یەکەمی وێنەی کیژە کوردێک لە باکووری کوردستان
بەرگی کۆتایی ئەم چەند دێرەی لەسەر نووسراوە
کوردەکان نەتەوەیەکی کۆنن کە زۆربەیان لە وڵاتانی عێراق،ئێران ، تورکیا دا دەژین.گەورەترین نەتەوەن لە جیهاندا کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ نین.لەسەرەتادا لە شێوەی کۆچەریی وشوانیدا ژیاون . لە سەردەمی ئێستادا جێگیر دەژین و کاریگەریان لە سەر ئەو وڵاتانە هەیە کە تێیدا دە ژین. لە گەڵ

ئەوەشدا کە کوردەکان دووچاری چەوساندنەوەو زەبروزەنگ بوونەتوە .وەلیَ هەرگیز هیوایان لەدەست نەداوە بۆ وەدیهێنانی سەر بە خۆیی.

ناواخنی کتێبەکە/

کتێبەکە لە23 بەش پێکهاتووەکە گرنگەکانیان ئەمانەن:
کوردەکان کێن ؟
وڵاتێک لە شاخ ودەشت.
سەرچاوە بەنرخەکان.
دیرۆکی کوردەکان.
کوردەکان لە نێوان دەستەڵاتە مەزنەکاندا.
تێکۆشان لە پێناو مانەوەدا
جەنگی ئابووری.
وڵاتی کوردەکان.
زمانی کوردەکان .
مووزیکی کوردەکان.
ئاین وترادیشێۆن.
ساڵی نوێی کورد.

لە رووپەری چواردا سەبارەت بە ناساندنی کوردەکان دەڵێت:
کوردەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی کە لەڕۆژهەڵاتی نێویندا دەژین. تەنها نەتەوەی مەزنن کە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆنین.لە دەڤەرێکی بەرفراواندا دەژین کە بەشێک لە ڕۆژئاوای تورکیا، باکووری عێراق، باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی گرتووەتەوە. ئەو خاکەی پێیدەڵێن کوردستان ڕووبەرەکەی نزیکەی 518000کم چوارگۆشەیە. لە دەرەوەی کوردستانیش ژمارەیەکی کەمتر کوردی نیشتەجیَ هەن لەباکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا ،ئەرمینیا، ئازربایجان،وە لە هەندێک لە کۆمارە کۆنەکانی سۆڤیەت.هاوکات کورد لە ڕۆژئاوای ئەوروپاو باکووری
ئەمەریکاش دەژین.

ولآتێکی بێسنوور:

کوردستان بە زمانی عەرەبی یانی ولآتی کوردان لێ وولآتەکە هیچ سنوورێکی نیە.لەباشووری ڕۆژهەلآتیتورکیاوە نزیک لە بەشیرەوڕۆژهەلآتی دەریای نێوین درێژدەبێتەوە بەرەو بەرزترین لوتکەلە چیاکانی باکووری تورکیا تا دەگاتە چیای زاگرۆس لە ئێران. لە دیرزەماندا کوردستان ناوەندێکی بازرگانی بووە ، بەوەی کەوتووەتە سەر[ ڕێگای ئاوریشم] کە ڕێگایەکی بازرگانی بووە لە نێوان ئاسیاو ئەوروپادا. ئیدی ئەو بازرگانانەی ئەم ڕێگەیان گرتووەتەبەر فەرش و جۆرەها پیشەسازی دەستییان لە کوردەکان کریوە.

لە بەشی کوردو دراوسێکانیدا باس لە بوونی35ملێون کورد دەکات کە بە ڕێژەیەکی مەزن مەزەنەدەکرێت بەرامبەر بە دانیشتوانی ئەو ولاتانەی تێیدا دەژین. هاوکات باسی ئەوەدەکات کە لە هەموو پارچەکاندا کوردەکان لە خەباتدان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان کەئەو مافانەش لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە جیاوازە. بەلآم دراوسێکان لەبری ئاوردانەوە لەو مافانە بەردەوام دەیانچەوسێننەوە.

ئەوەی زۆرگرنگی پێدراوە بەشی سامانەکانە وەک نەوت و ئاو کانەکان وتاد کە بەڕای نووسەرانەوە هۆی گرنگی دان بە کوردستان لە هەموولایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی کوردستان بەو سامانانە وەبە تایبەتی نەوت.

لە بەشی دیرۆک و کۆنە ئاسەواردا باسی یەکەم تێکست دەکات کە ئاماژە بەکورد دەکات ، ئەویش ئەو تێکستە سۆمەریەیە کە3000ساڵ بەر لە زایین نووسراوە.مێژوونووسی یۆنانی سەنۆفۆن لە کتێبەکەیدا [ئەنەباسیس]دەبێژێت [گروپێکی کوردلە400ساڵ بەرلە زایین پەلاماریپادشای فارس[ کەیرۆس] یانداوە دەمێک بە یاوەری سوپاکەی دەگەڕایەوە بۆ ولآتەکەی.

هاوکات باس لەوەش دەکات کە کوردستان لە دیرۆکی کۆندا گۆرڕپانی شەڕوپێکدادان بووە لە نێوان جەنگاوەرەکاندا لە سەردەمە جیاجیاکاندا لە ئیمپراتۆریەتی بابلیەوە بۆ ئاسوری یۆنانی ڕۆمانی پاشانیش فارسی. وەلە سەردەمی نوێشدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

لە بەشێکی دیکەدا باس لە ڕەوتی سیاسی گەلی کورد دەکات لە سەدەی بیستەمدا، وە بە هاتنەکایەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەست پێدەکات کە لە ئاکامدا کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەبێتە بەرهەمی ئەو هزرە.

هەرلەم ڕووەوە باس لە هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول ورۆڵی سەرۆک بارزانی نەمر دەکات لەو شۆرشەدا. هەروەها باسی خەباتی کوردان دەکات لە بەشە جیاجیاکاندا لە سەردەمی ئێستادا.

لە شوێنێکی دیکەدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتیکورد دەکات لە کۆری خەباتدا بە تایبەتیش لە شۆرشی چەکداریدا ، کە چاک و ئیجاب هەڵی سەنگاندووە.
زمان و ئەدەب و بەرهەمی ڕووناکبیری لیتەراتوور بەگشتی لە کتێبەکەدا هەقی خۆی پێدراوە . لەمەدا باس لە زمانی کوردی دەکات کە لە چەندین دیالەکتیک پێکهاتووە کە گرنگەکەیان کرمانجی و سۆرانین.ئەوجا باسی ئەدەب دەکات کە مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانیَ نووسەری مەم و زین وپاشانیش یەشارکەمال کە بە زاراوەی کرمانجی شعریان نووسیوە.هەرلەم میانەدا موزیکی کوردیشی لەیاد نەکردووە.دەڵێَت کورد بۆ هەر بۆنەیە ک چەشنێک لە موزیکیان هەیە . بۆنمونە گۆرانی بۆ کار بۆ دروێنە بۆ شۆرش وکوردایەتی بۆ زەماوەن تاد.
جلوبەرگی جوانی کورد بەتایبەتیش هی ئافرەتان بەشیکە لە کتێبەکە .

ئاین لەنێو کوردەکاندا باسێکی دیکەی کتێبەکەیە، کە دەڵێت زۆربەی کوردەکان موسوڵمانی سوونەن لی لە نێویاندا کریستیان و جولەکەو ئەزیدیش هەن .دەڵێت ئاینی ئەزیدیی کەونترین ئاینە لە نێو کورداندا و بەئاینی فریشتەکان ناوی دەبات.
دوا بابەت میدیای کوردیە کە بەلای نووسەرانەوە کورد سوودی چاکی لەم لایەنەوەرگرتووە بۆ ناساندنی خۆی . چەندین ڕدیۆ و تیڤی لە کوردستانەوە بەرنامەکانیان پەخش دەکەن.هاوکات باسی ئەوەش دەکات کە رژێمی تورکیا بەردەوام [ تەشویش ] دەخاتە سەر پەخشی ڕادیویَ و تی ڤی کان. لە ساڵی1995وە مەدیا تی ڤی دەستی بە وەشانی خۆی کرد کە کەناڵێکی ئاسمانی بوو. پاش چەند ساڵێک کەنالی کورد تی ڤی یش دەستی بەکار کرد.هەرلە تەنیشت ئەمانەوە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی دیکە لە ئەورپاوە بەرنامەکانی خۆیان پەخش دەکەن.

چەند سەرنجێک/
*بە بۆچوونی ئەز کتێبەکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردی داوە و هیچی فەراهەم نەکردووە. گرنگیش لەوەدایە بەشێوازێکی زۆر سانا نووسراوە کە خوێنەر بە ئاسانی وەریدەگرێت.
*من هەوڵم داوە بەشەگرنگەکانی بە خوێنەر بناسێنم چونکە شیکردنەوەی سەرجەم کتێبەکە کاتێکی زۆری دەوێت ،وێرای ئەمە زانیاریەکانی نێو کتێبەکە بە ئێمەی کورد نامۆنین.

*هەندێک هەڵەلە کتێبەکەدا هەیە کە هەڵەی زانیارین وە گرنگەکانیان ئەمانەن:
- کوردستانی بندەستی ڕژێمی بەعسی سوریای لە دەرەوەی کوردستان داناوە.
- کوردەکانی لوبنانی لەیادکردووە کە ژمارەیەکی زۆرن و پتر لە سەدهەزاردەبن
- سەبارەت بە کوردەکانی ئەرمینیاوئازربایجان وەک دوو کۆماری دەروەی یەکیتی سۆڤیەتی کۆن باسیان دەکات، لە کاتێکدا کە ئەو دوو کۆمارەش بەشێک بوون لە سۆڤیەت.
- چیای پیرەمەگروونی بە چیای ئیبراهیم ناساندووە. هەرچەند لە سەرچاوەکاندا گەڕام چیایەکم بەنێوی ئیبراهیم بەرچاو نەکەوت، وە بە پێی ئەو وەسفەی نێو کتێبەکە چیای پیرەمەگرون دەرچوو.
-دەڵێ بە زمانی عەرەبی کوردستان یانی وڵاتی کوردەکان. لەڕستیدا بەزمانی فارسی ئەو مانایە دەگەیەنێت نەک بەعەرەبی.
- باسی نەوتی کەرکوک و خانەقینی نەکردووە کە مەزنترین ڕێژەی نەوتیکوردستان لەو دوو شارەدایە.
- باسی کەناڵی ئاسمانی کوردساتی نەکردووەکەئەویش شانبەشانی کوردستان تی ڤی کەوتە وەشاندن.
- دەڵێ یەشارکەمال بە زاراوەی کرمانجی دەنووسێت، ڕاستیەکەی ئەوەیە یەشارکەمال بە تورکی دەنووسێت چونکە لەسایەی ڕژێمی تورکیادا نووسین یا گۆرانی چرین بە زمانی کوردی حسابی جەریمەی بۆ دەکرێت.

لەکۆتایدا گەرەکمە بێژم بەدەگمەن کتێبێک یا باسێک یا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە سەر ئێمەی کورد نووسرابێت ئەنجام درابێت شێواندن یا هەڵەی مەزن یا کەموکووری تێدا نەبووبێت، ئیدی بە ئەنقەست بووبێت یا بێ ئەنقەست. وەلێ ئەم کتێبە لەو کتێبە دەگمەنانەیە کە لەو شێواند ن و کەمووکوورِیانە خۆی پاراستووەو[تەنها ئەو هەڵانە نەبێت کە ئاماژەم پێدان] بابەتیانەو ڕاستگۆیانە زانیاریەکانی تۆمارکردووە. هەر بۆیەش ئەو نووسەرانەی بەشداریان لە بەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا کردووە شایانی دەستخۆشین.

halabja@ofir.dk


FOLKESLAG
KURDERE
ANTHONY C. LoBAIDO, YUMI NG, PAUL A. ROZARIO



*Nedenfor:* Sneen smelter på bjergtoppene i Kurdistan.





*Ovenfor:* flamingoer på vei gennem

